

# دیموکراسی و دەوڵەتی دەستوری

## لەلای یۆرگن هابرماس

کۆنستانتینوس کاڤۆلاکۆس
و.لە عەرەبییەوە: کامیل محەمەد قەرەداغی

یــۆرگن هابرمــاس لــەکتێبی(لــەنێوان راســتیەکان و پێوەرەکاندا) و بە پشت بەستن بەتیۆری(بەردەوامی)یەکـەی خۆی، یان بە گوتاری خۆی، شیکردنەوەیەك بــۆ دەوڵــەتی دەســتوری دیموکراســی پێشکەشــدەکات، و نومایشــێکی ســەراپاگیر، بــۆ تێگەیشــتنی خــۆی لــە سیاســەتەکانی دیموکراسی دەدات بە دەستەوە.

لێــرەدا هەوڵــدەدەم رانــانێکی گشــتی بــۆ فەلســەفە سیاسییەکەی هابرماس پێشکەش بکەم و چـەند سـیمایەکی شاردراوە بێنمە پێش،کە رەخنە جەختیان لەسەر دەکات.

لەپێناوی تێپەڕاندنی ئەستەمیەکانی تیـۆرە رەخنەگرییـە دێرینەکە، هابرمـاس لەنوسـراوێکی نایـابی خۆیـدا تیـۆری کــردەی بــەردەوامی( The theory of communicative Action) پێشکەشـدەکات، کـە تیۆرێکی کۆمەڵایەتیە ، کار لەسەر دابەشکردنی کۆمەڵگـە دەکات بە دووبەشەوە. بەپێی بۆچوونی هابرماس پرۆسـەی بــە عــەقڵانیکردن و مــۆدێرنکردن لەســەر دووئاســت روودەدات:

(1)ئاستی کەڵەکـەبوونی ئەپستمۆلۆژیای بەهانـەیی و ئـەو پەرەسـەندنەی کـە بـەدووای هێزەبەرهەمهێنەرەکانـدا دێــت و رێکخســتنی عەقڵانییانــەی بەرهــەم. ئــەم ئاســتی سیستمانەش چـەند گۆڕەپانێـك دێنێتـە گـۆڕێ، کـە لـە ئیلتیزامە ئاکارییەکان رەهابوون. کـاری تاکـەکان لەوێـدا لەرێگەی شتێکەوە ئاراستە دەکرێت، پێیدەوترێت"ئاراستەی کەناڵــەکانی راگەیانــدن"(پـارە/ئـابوری، هێــز/ کـارگێڕیی بیرۆکراسی).

(2)ئاسـتی ستراکچـەری دامـەزراوەیی، واتـە ئاسـتی رێکخستنی ئاکارییانەی رەوشـتی کۆمەڵایـەتی..لەبەرئـەوە بۆئەوشــتەی کــە پێیــدەوترێت (جیهــانی ژیــان) لــەپاڵ بەعــەقڵانیکردنی بەهانــەیی سیســتمەکانەوە، بەعــەقڵانی کردنێکی بەردەوامیمان هەیە، واتەوێناکردنە گەردوونیەکان و بیروباوەڕەئاکارییەکان و ئەو دامەزراوە ژێرخانیانەی، کـە جڵەوی ژیانی کۆمەڵایەتی دەکەن.

ئەم فۆرمە دووانەییەی مەرجەعیەت، چەند ئـامرازێکی تیۆری بۆ سەرلەنوێ راڤەکردنەوەی خراپیەکانی مۆدێرنەی وەکــو (نەشــازی، دابــڕان و تێکشــکانی بونیــادی کۆمەڵایــەتی..هتــد)پێشکەشــدەکات.ئــەو ئامرازانــەش وایپیشاندەدەن، کـە ئێسـتا ئیـتر سیسـتم و یاسـا وردەوردە بەسەر جیهانی ژیاندا زاڵ بوبێ.

سەرکەوتنی فرەگەورەی (سیستم)لە مۆدێرنەدا مـەیلی ئەوەی هەیە((جیهانی ژیان)) ملکەچی کۆمەڵە دەسـتەڵات و پێــوەرێکی عــەقڵانی بەهانەکارانــە بکــات. ئەمــەش ئەنجامگــەلێکی وێرانکەرانــەی خــۆی، دەخاتەســەر بونیادەکـانی ویـژدانی پراکتیکیـی ئاکـاری و دڵنیـایی کۆمەڵایــەتی،دیارە ئــەو دەرەنجامانــەش، هەرلــەرێگای بەردەوامییــەوە دێنــەئارا، نــەك لەرێگــەی هاوســەنگیە گشتیەکانی پارە و هێزەوە.

بەهــەرحاڵ ســەرباری ئــەوەی کــە پەرەســەندنی هەڕەمەکیانـەی سیسـتم بینـای جیهـانی، ژیـان دەخاتـە مەترسـییەوە، جیهـانی ژیـان، خۆیشـی بـە پرۆسـەیەکی بەعەقڵانیکردندا تێدەپـەڕێت، کـە بـە شـێوەیەکی گونجـاو ئازادی دەکـات. دەسـتەڵاتی (تەقلیـد) لـە پۆسـتمۆدێرندا مــۆرکی (زەمانــەوانیی)پێوەیــە، لەبەرئــەوە رەوایــی ناوەڕۆکەکانی، پشـت بـە چـەند پرۆسـەیەکی بـەردەوامی دەبەستێت، کـە جڵـەوکردنێکی گشـتگیریی بـۆ مسـۆگەر دەکات.ئامانجی ئەم پرۆسانە، هێنانەکایەی کۆدەنگیەکە، کە لەسەر زاڵکردنی بەهاباشەکان بونیادنرابێ.ئێمـە دەتـوانین بـەو کۆدەنگیـە بڵـێین ماقووڵـە. لەمـەوە لـەلای ئێمـە وەرچـەرخانێکی بـەردەوامی بـۆ کۆمەڵـە بیروباوەڕێـك دروسـتدەکات، کـە دەسـتەڵاتە رەسـەنەکەی خۆیانیـان لەدەستداوە، بۆئەوەی روولـە ژیـانی مرۆڤایـەتی بکـەن، و کاتێــك کــە ئــەزموونی دەســتەڵاتی بــەردەوامی بــە سەرکەوتوویی دەبڕن،جارێکی دیکە بگەڕێنەوە ناوی.

لەبەرئــەوە لــە پۆســتمۆدێرنەدا لەدایکبوونەوەیــەکی پێچەوانەی هەمان وێنەی (جیهانگیرییــەك)ی لامەرکــەزیمان هەیە، چونکە لەمدا، جیاوازییەك هەیە لەنێوان پرسیارەکانی ئەپستمۆلۆژیای تیۆری، و ئەپسـتمۆلۆژیای پراکتیکـی، و جوانیدا. سـەرباری ئـەوەش بینایـەکی ئاکـاری بـەردەوامی خۆبـەخۆیی و سیسـتمێکی یاسـایی گشـتگیر، و دوایـیش سەرهەڵدانێکی خۆپەرستییەکی تاکڕەوانـەی سـەربەخۆمان هەیە.

### رێپێدانی ئیجرایی سیستمی مافەکان

مۆدێرنە سەبارەت بە بونیادە پراکتیکییـە ئاکارییـەکان، پرسیارێکی رەخنەگرانە دێنێتەپێشێ، پسیارەکەش ئەمەیە:

لەکاتێکدا کە سیستمی پێوانـەیی گشـتی، سـەپێنراوی تائێستە، لەلایەن ئاینەوە ساغلەمە کرابێ، ئیتر چۆن کـردە تاکەکەسـییەکان رێکبخـەین و سـازیان بـدەین؟ لـەوەڵامی ئەمەدا هابرمـاس دەڵێـت لـەناو مۆدێرنـەدا، سیسـتمێکی شێواوی ئاکارە ئازادەکانمان هەیە.

چونکە لەکۆمەڵگەی ئیلحاددا، تەنها یەك پێوەر هەیە، دەگەڕێتــەوە ســەر کــۆدەنگیی عەقڵانییانــەی هــەموو بەشداران، ئەو کۆدەنگییە لەئاکامی مشتومڕێکی ئازادانەوە پێیدەگەن و تەنها بەهانـەی باشیشـی تێـدا دەمێنێتەوە،بۆیـە چەسپاندنی رەوایی رێسا پراکتیکییەکانی، ئێمـەش بـارێکی نمونەیی گوتاری پێویستە، کە بەتەواوی بەرووی تاکەکەسی پەیوەندیداردا کراوەبێت، نە گرێچنیی ناوخۆیی و دەرەکـی و نە ناهاوسەنگیی هێزیشی تێدابێ.

فاکتەری یەکلاکەرەوە، لێرەدا ئەوەنییە کە ئایا ئەم بارە نمونەییەی بەردەوامی بەراستی لەئارادایـە، یـان نـا، بـەڵکو ئەوانەی کە قسەوباس دەکەن:ئەگەر لـە مشـتومڕەکەیاندا

جدی بن– پێویستە وادابنێن کە لەئارادایە و هەیە، ئەگەر پێچەوانەی واقعیش بێت..ئێمە بەبێئەوەی گریمانی ئەوەش دابنێین، کە لەوانەیە بوونی ئەم گوتارە لەباشترین باریدا بوونێکی گریمانەیی بێت، دەبێ بەم بارەی ئاشنابین، بەڵام ئەگەر کردنی ئەم کارەش ئاسان بێت، هێشتا هەر چارەسەر کردنی بەردەوامییانەی هەموو هاودژییە پراکتیکییەکان بەتەواوی زانراو نییە. هەرچی ئەوشتەشە، کە پێیدەوترێت (ئاکارە مۆدێرنە پاش تەقلیدییەکان) لەسەر بنەمایەکی گوتاری ئاکاری دامەزراوە :کە هێنانەدی دەوەستێتەسەر تواناو دەستەڵاتی خودی تاکەکەس، و (دەنگی ناوەکی ویژدانی ئاکاریمان)، لەبەرئەوە لەڕووی ڕێساکانی یاسای تەوزیمییەوە پێویستبوونی فەرزدەکرێت، کەئەوەش بۆخۆی یاسایەکە، ئەگەر پێویست بکات لەڕێگەی هێزەوە، و لەڕێگەی سەپاندنی سزاوە دەسەپێنرێت.

کاملبوونی کۆمەڵایەتی(Social Integration)

بوونی سیستمێکی گشتی دەخوازێت، چونکە ئەو پێویستی بەوەیە زۆربەی مەسەلە پراکتیکییە یەکلاییکەرەوەکان لەسەر بنەمایەکی پتەوتر ڕێکبخات، ئەو بنەمایەش لەلای هابرماس، بێگومان لەڕێگەی یاساوە دادەمەزرێت، چونکە یاسا ئەو دامەزراوەیەیە، کە کاری بەردەوامییانەی هاوبەشەکان لەباری قورسی ڕێکخستنەوەی هەموو کاروبارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی رزگار دەکات، لە هەمان کاتیشدا مەسەلەی پاراستنی سیستمی کۆمەڵایەتی لەنیاز و خووە تاکڕەوییەکان ئازاد دەکات. ئیتر تکەکانیش دەتوانن بەوشێوەیە لە یاسا تێبگەن، کە خۆیان دەیانەوێت، کە یان وەك لەمپەرێکی دەرەکی لێیتێدەگەن، یان وەك ڕێسایەکی گشتی. و دەبێتە ئامرازی ئازادیە بەکۆمەڵ و گشتیەکان.

لەبەرئەوە یاسا ملکەچی ئاکاربەندییەك نابێت، بەڵکو پێویستە وەك ڕەگەزێکی وەزیفیی بەسود تێبڕوانرێت، چونکە کاتێك کە ڕووبەڕووی گرفتگەلی ئاکاری دەبینەوە،



هابرماس

یاسا ناتوانێت پێمان بڵێت، کە چی بکەین و چی نەکەین، بەڵکو هابرماس ئەو سیستمە گشتییەمان بۆ دەستنیشان دەکات، کە بەپێی ئەو سیستمە هەرشتێك بەڕوونی حەرام نەبوو،لەڕووی پرەنسیپەوە ڕێگەپێدراو دەبێت.

جگە لەوەش ، ئەرکەکانی یاسا وەك ناوەندکارێك لەنێوان جیهانی ژیان و سیستمدا ، بریتییە لە کۆتکردنی سیستمەکە، تائەو ئاستەی کە هێندە فراوان نەبێتەوە، لە سنوری جڵەوکردن دەربچێت، بۆیە یاسا دەبێتە ئەو ناوەندەی کە لەڕێگەی ئەوەوە کۆمەڵگە بەسەر ئابووری و کارگێڕیدا زاڵدەبێ، پاشان لەبەرئەوەی کە یاسای وەزعی شیانی ئەوەی هەیە، لە هەموو سەردەمێکدا راست بکرێتەوە: و لەبەرئەوەی کە ئەگەر لەڕووی گریمانەییشەوە بێت– شەرعیەتی خۆی لەوەوە وەردەگرێت کە دەقی بەرجەستەکردنی ئیرادەی عەقڵیی هەموو ، یان زۆربە هاوبەشەکانی دارشتنی یاسایە، کەواتە دەتوانێت ببێتە ئامرازێکی هێنانەدیی خودیی تاکەکان و کۆمەڵەکان.

بەم مانایە ئەو ڕێگایەی کە مۆڵەتی یاسای باری پێدەدرێ، گرێدراوە بە ئەو ڕێگایەوە، کە ڕێسا ئاکارییەکان ڕێگە پێدەدات . هابرماس بەمشێوەیە جیاوازییەکەمان بۆ باسدەکات:

پرەنسیپی ئاکاری لە ئاستی جۆرێکی دیاریکراوی مشتومڕدا کاردەکات، کە لە هەناوەوە گەڵاڵە بووە، بەڵام پرەنسیپی دیموکراسی ئاماژە بۆ ئاستێك دەکات، کە چەند فۆرمێکی تێکەڵکێشبووی گفتوگۆی دەرەکییانەی تێدا دروستدەبێ.لەم ئاستەی دواینیاندا ئامادەگیی زۆر وەرگیراوە، لەپێناوی بەشداریکردنێکی کاریگەرانە لە پرۆسەگەلێکی گوتار خوێنیدا، بۆ دارشتنەوەی (راوبۆچوون و ئیرادە)دا، و ئەم پرۆسانەش لە چەند فۆرمێکی بەردەوامیدا ڕوودەدەن، کە لە ڕووی یاساییەوە ڕەوان.

بۆیە پێویستە دارشتنی یاسای باری لەسەر بنەمای کاروکردەوەیەك بێت، کە لەڕووی گوتاریشەوە ڕەواییەکی پتەوی پێدرابێت: کاروکردەوەیەك بەشێوەیەکی تێروتەواو لەسەر بیرۆکەی ڕێپێدانی گوتاریی ئاکار دامەزرابێت و یاسارێژییەکی لێبکەوێتەوە، کە ئامانجە سیاسییە گرنگەکەی بپێکێت. لەبەرئەوە خواستی ڕێپێدانی ئاکارییانەی یاسا لەڕێگەی کاروکردەوەیەکەوە، کە ڕادەربڕینی ئازادانەی هەموو مشتومڕە بەرقەرارەکان و مشتومڕە هاودژەکانیش ڕاستەوخۆ بەرەو گرفتی دیموکراسی و پەیوەندیی ناوەکیی دیموکراسی بە پرەنسیپە بنچینەییەکانی حوکمی یاسا دەمانبات.

سەلاحیەتی (ژێر فەرمانی)یاسا دوو مانای هەیە: یەکەمیان ئەوەیە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، کاریگەر بێت،بەو مانایەی شەرعی و ڕەوابێت، پەیڕەویلێکردنی لەلایەن هاوڵاتیانەوە مسۆگەر بکات، ئەگەر پێویستیشی کرد، پەیڕەویلێکردنی لەڕێگەی سەپاندنی سزاوە، بسەپێنرێت بەسەر ئەوانەدا، کە (پێشێلی دەکەن)، بۆیە یاسا لەو مانایەیدا شیاو دەبێت، کە حەتمی و(بەزۆر)بێت، چونکە ئەو پێکهێنەرێکی بنەڕەتیی ناو پێکهێنەرەکانی تەونی کۆمەڵایەتییە.

دووەمیان ئەوەیە: یاسا تا ئەو پەڕی سنور زۆرەملەیی بێت(واتە قەسری بێت) و پەیوەست بێت بە چەمکە نمونەییەکانی دامەزراوەکەیەوە، چونکە یاساش وەك ئاکارە ئازادەکانی پۆستمۆدێرنە، ڕەوایی خۆی لە کردەی بەردەوامی راوبۆچوونەوە وەردەگرێت،واتە پێویستە لەڕووی گریمانەییەوە، دەبێ لەو هەلومەرجانە نزیکببێتەوە کە لەناو باری گوتاری نمونەییدا هەن، چونکە یاسا واقعێکە لەڕووی پراکتیکەوە ڕەوایە، هەروەها لەلایەنی عەقڵیشەوە دیسان ڕەوایە، بەومانایەی کە ئێمە دەتوانین وای دابنێین کە لەڕێگەی پرۆسەیەکی خۆیی ئاڵوگۆڕ پێکراوی خۆویستی، نێوانی تاکەیەکسان و ئازادەکانەوە هاتۆتە بەرهەم، بۆیە ئەو شلۆقییەی کە لەنێوانی واقیعیی ریالیزمی، و ڕەوایی عەقڵانیدا هەیە، دزە دەکاتە ناو یاساشەوە.

باشە ئەگەر یاسای وەزعی ڕەوایی خۆی لەو ڕاستییەوە دابتاشێت، کە دەکرێ هەموو ئەوانەی بەشدارییان لە دروستکردنیدا کردوە، وا سەیری بکەن، کە بەرهەمێکی چالاکیی سیاسیی تایبەتی خۆیانە، بەمەش ئەگەری بەشداریکردنی هەموان لەداڕشتنی یاساکاندا پارێزراوبێت، ئیتر ئایا ئەم شێوازە، چۆن گوزارە لە مافە تاکەکەسی و سیاسییەکان دەکات؟

بۆیە بەمە یاسا لە ڕەوشێکدا دەبێ، کە ئازادیی میللی (ئازادیی بەشداریکردنی سیاسەت) دابین بکات.دیارە ئەگەر لە هەمانکاتدا پشتگیریی ئازادیی تاکەکەسیش نەکات(واتە ئازادیی تاکەکەس و تێکەڵکێشبوونی ئازادییەکەی، لەگەڵ کایەی بواری چالاکیی تایبەتی تاکەکەدا)ناتوانێت ئەوە بکات. لەلایەنی ئایدیاڵییەوە ئەوانەی کە یاسا دادەنێن، خۆشیان بۆی ملکەچ دەبن، بۆیە دەبێ یاسا وەك مەرجێکی پێشینە بۆپەیوەندیکردنێکی سیاسییانەی نازۆرەملەیی لە دیموکراسیدا، ئازادیی کەسێتی مسۆگەر بکات و ڕێزیشی لێبگرێت، بۆیە ئازادیی کەسێتیی تاکەکەسەکان و سەربەخۆیی گشتیی هاوڵاتیان یەك بەدوای یەکدا دوو ئامرازن، کە یەکتر دێننەدی.

دەکرێ ئەو کەسانەی کە ملکەچی یاسان، تائەو سنورە لە ئازادیی کەسێتیی خۆیان بەهرەمەند بن، کە بتوانن لە بەکارهێنانی مافەسیاسییەکانی خۆیان بەهرەمەندبن، بۆئەوەی وا هەست بەخۆیان بکەن، کە خۆیان وەك هاوبەشکار، داهێنەری ئەو یاسایانەن، کە دەبێ ملکەچی بن.

بەبۆچوونی هابرماس، هەستکردن بە ئازادیی گشتی و تاکەکەسی وەك دووڕووی یەك پارەن، وەك ناکۆکی کلاسیکیی نێوانی سیستمی کۆماری و سیستمی لیبرالی، هەروەها وەك ئازادیی دێرینەکان و نوێخوازەکان. هەموویان وەك شەڕێکی بێمانا دەردەکەون، چونکە مسۆگەرکردنی ئازادیی تاکەکەسی لەپێش هەموو شتێکەوە، ئەوەی دەوێت کەلەمپەر نەخرێتە بەر ڕێگەی پیادەکردنی مافە سیاسییەکان. لەلایەکی دیکەوە بەبێ بەشداریکردن لە سیاسەتدا، ئازادیی تاکەکەسی دەبێتە وەهم، لەبەرئەوەی (وەك ئەوەی کە خۆی لەواقعیشدا وایە) دەکەوێتە ژێر کاریگەریی هێزە حکومی و مالییەکان.پتر لەوەش ئەگەر ئازادیی تاکەکەسی بەشدارییەکی میللییانەی لەپشتەوە نەبێت، دەبێتە (ئازادییەکی سلبی)، ئازادییەك دەبێ هیچ پەیوەستبوونێکی دەرەکیی نەبێت، دەبێتە ئازادییەکی بێ ناوەڕۆك: لەبەرئەوەی پێناسەکردنی ناوەڕۆکی ئازادی مەرجی ئەوەی دەوێ، گفتوگۆیەکی میللی لەگەڵ بەشدارەیەکسان و ئازادەکانی تردا بکرێ.. کەواتە سیستمی مافەکان لەسەر بیرۆکەی کاروککردەوەیەکی یاساڕێژیی بەردەوامیی نمونەیی دەوێت.

### *ئەستەمییەکانی ڕێپێدانی ئیجرایی*

ئێشەکییە بنەڕەتییەکەی هابرماس ئەوەیە، لەجیهانی نوێدا ئەگەر، هەریەکەی مافە تاکەکەسی و گشتییەکان بەڕوونی و ڕاستەوخۆیی مسۆگەر و کامڵ نەبن، ناتوانین بوونی ئازادی وێنابکەین.لەسەر ئەم گۆشەنیگایە چەندان نارەزایی بەرامبەر (ڕێپێدانی ئیجرایی)سیستمی مافەکاندا ورووژێنراون.

یەکەم: بەشێوەیەکی راست و دروست تێبینیی ئەوەکراوە، کە دەرکەوتنی تیۆری هابرماسی لەناو یاسادا لەپێگەی تیۆرەکەی کانتەوە، تا ئەو سنورە یەکلاکەرەوە نەبووە، کە داهێنەرەکەی ویستویەتی وابێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە یاسا لە ڕوانینی هابرماسدا بەرجەستەکردنێکی ڕاستەوخۆی پێوەرە ئاکارییەکان نەبووە. بەڕادەیەك کە هەریەکەی یاسا و ڕێسا ئاکارییەکان، لەسەر چەمکی عەقڵانیەتی بەردەوامی و لەسەر فۆڕمێکی نمونەیی لە بەردەوامی و لەسەر پرەنسیپی ئاکاریی جیهانگەری راوەستاون. دواجار ناکۆکییان لەسەر بوون، یان نەبوونی پشتگیرییەکی دەرەکی و لەسەر یاساڕێژییەکی روون دەبێت. ئەو خاڵەی کە تێیدا تیۆری گوتارئامێزیی یاسا، لەتیۆری کانتی جیادەبێتەوە، ئەو پەیوەندییە پتەوەیە، کە لەنێوان پرەنسیپە ئاکارییەکان و پرەنسیپە دیموکراسییەکاندا هەیە، و وەك دەزانین کانتیش ئەو پەیوەندییە بە پێویست

دانانیێت. دیاره ئەو پەیوەندییە پتەوەش، بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە، کە هابرماس هەر لە سەرەتاوە پرەنسیپی ئاکاری لەسەر بناغەی ئەو بیرۆکە تاکەکەسییە بەردەوامییە نازۆرەملەییە دادەمەزرێنێت، کە بناغە نموونەییەکەی دیموکراسی پێکدەهێنێت.

ئەم ڕاستییە زۆری قوتابیەکانی هابرماسی بەرەو ئەو ئاکامە برد، کە دەڵێت هابرماس مەیلی وابووە پرەنسیپە ئاکارییەکان تێکەڵی پرەنسیپە دیموکراسییەکان بکات، و ئاکارییەکانیش واپیشان بدات، کە بێسودن، بۆئەوەی بتوانێت ئاکارگەلێکی فەلسەفیی پۆست میتافیزیایی دابڕێژێت، بۆئەوەی وەڵامیان بەچەند گرفتێکی ئاکاریی دیاریکراو پێبداتەوە.

حەزەکەم لەم خاڵەدا، ڕەگەزە سەرەکییەکانی ڕەخنەی خۆم بۆ گوتاری ئاکارییانەی هابرماس بخەمەڕوو.

گوتاری ئاکاری ئامانجی ئەوەیە،پرەنسیپێکی ئاکاریی سەراپاگیر دابڕێژێت، ئەو پرەنسیپە توانای ئەوەی دەبێت، بەشێوەیەکی کاریگەر بەرەنگاریی بەهانەکانی گومانکارە ئاکاری و ڕێژەییەکان بکاتەوە، بەهەمان کەرەستەی خۆیان.

بەهەرحاڵ چەمکی ڕێپێدانی بەردەوامیی ڕێسا ئاکارییەکان، لەڕێگەی گفتوگۆیەکی نازۆرەملەییەوە حەقیقەتی ئاکاری دەبەستێتەوە، بە هەڵوێستێکی بەردەوامیی بەڵگەنەویستەوە، کە لەڕووی مێژوویەوە دیاریکراوە و بە وردییش دەستنیشانکراوە ،ئیتر بۆئەم هەڵوێستە ژمارەی خەڵك، بڕی ئەو ئازادییە گرنگ نییە کە تێیدایە. ئەمجا هابرماس لە هەموو گفتوگۆکردنێکی واقعییدا، بۆئەوەی نەخزێتە ناو قوتابخانەی ڕێژەییەوە، بیرۆکەی بارێکی گوتاری نمونەیی وەردەگرێت. ئەم بارە بوونی شلۆقییەك لەنێوان ئەزموونگەری و باڵایی(ترانسندنتاڵ)، و لەنێوان واقع و ڕەوایی عەقڵانیدا دەسەلمێنێت.بەهەرحاڵ وەك ئەوەی کە (وێلمەرWillmar)بەشێوەیەکی یەکلاییکەرەوە سەلماندی ئەم تێزە ئایدیالیستیە(ناکرێ بەوشێوەیەی کە هابرماس خەونی پێوەدەبینێت، مانایەکی هەبێت لە سیستمی هزری پۆست میتافیزیاییدا) لەبەرئەوەی پیادەکردنەکەی دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی، هەموو ئەو مەرجانەی، کە ڕێگەدەدەن بەردەوامی شیاو و پێویست بێت، هەروەها هەڵوەشاندنەوەی دواتایبەتمەندییەکانی بوونی مرۆیی، چونکە لەباری بەردەوامیەکی نمونەییدا کۆمەڵگەیەکی نمونەییمان دەبێت، کە بەشێوەیەکی نازۆرەملەیی و لەڕێگەی زمانێکی نمونەییەوە، پێکهاتەکانی پێکەوەگرێدراوە.. بەهەرحاڵ ئەو شتانە هەڵبەستراون و سەر بەم جیهانە نییە و مرۆڤیش مافی ئەوەی دەبێ گومان لەوە بکات، کە ئایا بەکارهێنانی بەردەوامی بەپێی مەرجەکانی شەفافیەتی تەواودەبێت، یان نا؟

بۆیە ئەم ڕەخنەیە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری دەخاتەسەر گۆڕەپانی فەلسەفەی سیاسیی هابرماس، لەبەرئەوەی پرەنسیپی ئاکاریی بەگەردوونیکردن (universalization) و پرەنسیپی دیموکراسی بەدوو پرەنسیپی دووانە دائەنرێن.

ئەگەر پرەنسیپی ئاکاریی بەگەردوونیکردن ڕاستەوخۆ لە گریمانە پێشووەکانی بەردەوامییەوە نەیەتەبەرهەم، و ئەگەر ئایدیالیستییەکی شیاوی بەڵگەنەویستی ڕێپێدراو لەئارادانەبێت، ئەوا هەمان مەسەلە بەسەر پرەنسیپی دیموکراسیی دامەزراوە یاساییەکەشدا پیادەدەبێ. بە



کانت

دەربڕینێکی تر: ناکرێ ناوەڕۆکی پێوانەیی دیموکراسی بە تەواوی لەسەر بنەمای عەقڵانیەتی بەردەوامی شیبکرێتەوە.

بەپێی لۆژیك، پرەنسیپی دیموکراسی لەو گریمانە پێشووانەوە نایەتەبەرهەم ، کە بۆ چارەسەری ناکۆکییە پراکتیکییەکانمان لەسەری کۆکین، بەڵکو بەشێوەیەکی نکولی لێنەکراو، هاوەڵی پرۆژەی ئازادیی بەکۆمەڵ دەبێت. سیاسەتی دیمەکراسی حەزی لە عەقڵانیەت نییە، بەڵکو وەك ئامرازێك بەکاریدەهێنێت، بۆئەوەی بگات بە ئازادی. وەك پێشتریش وترا _ئەگەر بەڕاستی تێبینی کرابێ_ ئازادیی وەزعی و بەکۆمەڵ لەئەنجامی بیرکردنەوەیەکی ئیجرایی بەردەوامییەوە، نایەتە بەرهەم، بەڵکو لە خووە ئاکارییە دیموکراسییەکانی ژیانەوە دێتەبەرهەم. بەدەربڕینێکی تر،پرۆژەی ئازادیی تاکەکەسی و بەکۆمەڵیش دەکەونەپێش پرەنسیپەکانی بیرکردنەوەی بەردەوامییەوە،ئەگەر ئەو بۆچوونەزەینییەشمان ڕاست بێت، کەلە کایەی پیادەکردنی کۆمەڵایەتیدا، دەرکەوتنی پرۆژەی ئازادییەکە، پێویستی بە پرۆسەو پرەنسیپەکانی بیرکردنەوە بەردەوامییەکە هەیە.

رەخنەی دووەم پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کە تاچەند ئەو دارِشتنەی هابرماس بۆ مافە تاکەکەسییەکانی داناوە گونجاون، بۆئەوەی ببنە مەرجی پیادەکردنی ئازادیی گشتی،واتە بۆئەوەی ببنە مەرجی بونیادنانی ئەو کایە میللییەی، کە بوار بۆ گەشەسەندنی عەقلانیی بەردەامی دەرەخسێنێت.(ئالبرێخت ویلمار- Albrecht Willmar)یش پیێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کە ناکرێت مافە کەسییەکان لە مەرجگەلێکی پێشینەی عەقلانیەتی بەردەوامی دابتاشرێن،لەبەرئەوەی کایەی(ئازادیی سلبی)هەندێجار مافی کارکردنی ناعەقلانییەشی تێدایە..هەمان هەستی (هەرگیز نەشیاویی) داتاشینی مافە کەسییەکان لە چەمکی سەروەریی میللی (چارلز لاریمۆر- Charles Larimore)ی بەرەو ئەوە برد، کە پرەنسیپی ئاکاریی تاکەکەس وەك سەرچاوەیەك سەیربکات بۆ رەهابوونی مافە کەسییەکان لە دەستەلاتی سەروەریی میللی. بەپێی دارِشتنەکەی ئەو ، ئەو پرەنسیپانە فۆرمێك دەدەنە یەکێك لە قوولترین ئاستەکانی ویژدانی ئاکاریمان:خالێکی دەستپێکردنی چەقبەستووی ناو مێژوو دەدەنە هزرمان: سیستمێکمان پێدەبەخشن، کە دەتوانین لەمیانەیەوە بیر لە رێپێدانەکانیش بکەینەوە..بۆیە سەرباری هەولەئاکارییەکانی هابرماسیش بۆ گونجاندنی نێوانی ئازادیی سلبی و ئیجابی لە هزردا،شلۆقیی نێوانی ئەم دوو ئازادییە، لە ماوەی مێژووی نوێدا و لەسەر هەردوو ئاستی پیادەکردنی کۆمەلایەتی و سیاسی، وەکو خۆی ماوەتەوە و کەمیش نەبوەتەوە.

***دەولەتی دەستوری و سیاسەتە دیموکراسییەکان***

هابرماس بەپێی تیۆرێکی خۆی، کە لە یاسادا دایناوە و لەسەر بنەمای گفتوگۆ رادەوەستێ، بناغەی زەمانەتێکی دەستوری بۆ مافە سیاسییەکان و ئەو مافە مرۆییانە دادەنێت، کە مانای کەسی یاسای دیاریدەکات، ئەمەش بیرۆکەیەکی پێویستە بۆ بونیادنانی (کۆمەلگەی ئازادی و ئەو یەکێتییانەی لە دیدگای یاساوە یەکسانن).هەروەها ئەم بیرۆکە سەنتەرییە بنەماکانی رێپێدانی پرەنسیپە بنەرەتییەکانی دەولەتی دەستورییش، گەلاله دەکات.دەکرێ ئەو پرەنسیپانە لەم خالانەدا دیاریبکەین:

1. لەکاتێکدا کە ئامانجی دەولەتی دەستوری، پێشکەشکردنی هۆکارەکانی ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەلییەکانە، ئامانجی یەکەم بریتییە لە سەروەریی گەل، ئەم سەروەرییەش وا فەرز دەکات، کە هەموو دەستەلاتێکی سیاسی لە دەستەلاتی بەردەوامیی هاولاتییانەوە هەلقولێن. پێویستە دەستەلاتەکەی هاولاتیان پەیوەست بێت، بە چەند ئیجرائاتێکی دیموکراسییەوە، کە مەرجگەلێکی تایبەت بۆ گفتوگۆ و بەردەوامی دابین بکەن، ئەم ئیجرائاتەش رەوایی و عەقلانیبوونی ئەو رێکخراوە یاساییانە پەسەند دەکەن، کە لەئیجرائاتەکانەوە دێنەکایە. لەبەرئەوەی کە لەوانەیە برێکی کەمی هاولاتییان بەشداری لەم مشتومرە پێویستەدا بکەن، هەمیشە بوونی نوێنەرایەتیی خەلك بەشێوەیەکی سروشتی پێویست دەبێ. دامەزراوەی نوێنەرایەتیی پەرلەمانی، و رێکخراوە ناوخۆییەکانی مشتومرکردن و بریاردروستکردن، رەنگدانەوەی وردی هەولەکانی داهێنانی هەلومەرجی لەباری ئەو گفتوگۆیانەن، کە لەسەر بنەمای (زالبوونی بەهانە باشەکان) دروستدەبن.ئەمانەش بەیەکەوە بەو پرەنسیپانە کاملدەبن، کە تایبەتن بە فرەرەنگیی دەستەلاتەکانی ناو پەرلەمان و میللیکردنەوەی کۆنگرە پەرلەمانییەکان، تا ئەو ئاستەی رێگەبدرێ لەلایەن رایەکی گشتی رەخنەگرانەوە پێداچوونەوەیان تێدابکرێت.

2. ئێستە کە بەرپرسیاریی رێگەپێدانی یاساکان بە پەرلەمان دەسپێردرێت، بەئەنجامگەیاندنی وردی ئەو بەرپرسیاریەش، مەسەلەیەکی گرنگە. دابەشکردنی ئەرکەکانی رێپێدان و بە ئەنجامگەیاندنی یاساکان دەبێ لایەن دەستەلاتێکی دادوەریی سەربەخۆوە بێت، ئەمەش گرێدەدرێتەوە بە مسۆگەرکردنی حەسانەی یاسایی تاکەکەسیی، هەر تاکێکی یاسایی، کە بتوانێت بانگەشەی یاسایی تاکەکەسیی فەراهەمبکات. دواجار کاتێك کە دەستەلاتی دادوەری وابخوازێت، کە حکومەت بکەوێتە جوولە:بۆنمونە بۆ سەلماندنی سزا، ئەوا پابەندبوونی تایبەتی حکومەتیش بە یاساوە، دەبێتە مەسەلەیەکی بنچینەیی.

3. پرەنسیپی حوکمی یاسا حکومەت دەباتە ژێرباری ملکەچکردن بۆ یاسا(یان جێبەجێکردنی) تەواوکەری دارِشتنەکەی هابرماسە سەبارەت بە جیاکردنەوەی دەستەلاتەکان. مەبەست لەم پرەنسیپە ئەوەیە دەستەلاتی حکومی(ئیداری) بنوسێنرێت بە هاولاتیانەوە، وەك ئەوەی کە هاولاتیان دەستەلاتێکی بەردەوامین و لەرێگەی دەستەلاتی یاسادانانی ناو پەرلەمانەوە دەچنە ناو کارەکانەوە. پتر لەوەش پێویستە ئەگەری چاودێریکردنی سەرکوتکاریەکانی حکومەت هەبێت، ئەرکی ئەم چاودێریکردنەش دەکەوێتە ئەستۆی چەند دادگایەکی مەدەنی ولێکۆلینەوەی ئیدارییانە(واتە حکومەتییانە).

4. پێویستە پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەولەت، لە کۆمەلگەش بخرێتەسەر ئەوانەی پێشوو، بەلام ئەم پرەنسیپە ئەو مانالیبرالییەی جیاکردنەوەی دەولەت نا، کە دەولەت بەرپرسە لە ئاسایش و یاسای گشتی، لە کۆمەلگەیەك کە تاکەکانی لەرووی ئابوورییەوە رەکەبەرایەتی دەکەن ، یان کۆمەلگەی گروپە دەستەلاتدارەکان.

ئەوەی هابرماس بیری لێدەکاتەوە بوونیادنانی (کۆمەلگەیەکی مەدەنیی)ئازادە، تێیدا ئازادی و فرەرەنگی یەکبگرن و پەیوەست بێت، بە ئایندەیەکی سیاسیی ئازادەوە و گۆرەپانێکی میللیی نارەسمی زال بەسەر دامەزراوەکانی دەولەتدا پێکدەهێنێ.

ئەم پرەنسیپانەی دەوڵەتی دەستوری، چەمکێکی تایبەت بۆ سیاسەت پێویستدەکەن، چونکە لەڕووی پرەنسیپەوە، ئامانجی بنچینەیی سیاسەت بونیادنانی یاسایە، لەبەرئەوەی کە دەستەڵاتە دادوەری و حکومییەکان پشتی پێدەبەستن. هابرماس بیرۆکەی زانستێکی سیاسی پێشکەشدەکات، کە لەسەر دووئاستی هاوسەردەم دەردەکەوێ:

1. سیاسەتێکی شەرعیەت پێدراو، و ڕێکخراو لەڕێگەی ئیجرائات و پەرلەمانگەلی جۆراوجۆری سەر بەم گۆڕەپانەوە.

2. دارشتنێکی نارەسمیی رای گشتی، لە کایەی کفتوگۆکردنێکی ئازادانەدا.

ئەم دوو ئاستە، چەمکی سیاسەتێکی ئالوگۆڕکراو گەلاڵە دەکەن، کە پشت بە بوونیادێکی یاسایی ئیجرائات و گریمانە بەردەوامییەکان دەبەستن، هەروەها بە جێگەکردنەوەیەکی دروستی گفتوگۆ ئەنجامدراوەکان و ڕایەکی گشتیی نارەسمیش، لێرەوە سەروەریی میللیی وەك کردەیەکی هەمیشەیی دەردەکەوێت، کە تۆڕێکی نارەسمی ئالوگۆڕی سیاسی، تێدایە سیستمێکی سیاسی دامەزراو لەگەڵ کەرەستەی بوونیادەکەی خۆیدا، لەبەرئەوەی سیستمی سیاسی، کەرەستەی خاوی دەستەڵاتی بەردەوامی بۆ هاولاتیان دروستدەکات و دەیشیکات بە یاسا.وێنەی کۆمەڵگەیەکی فرەیی لامەرکەزی، لەگەڵ ئەم بیرۆکەیەدا ڕێکدێتەوە، کە هەمیشە بەشێوەیەکی سەراپاگیر بەدەوری دەوڵەتدا نەخولێتەوە.سیاسەتی ئالوگۆڕکراو، بەبێ بوونی یەکێکی ئەم دووئاستەی، کە پەروەردەی دەکەن نەشیاوە. چونکە ئەگەر ڕێکخەرێك بۆ گفتوگۆ و مشتومڕە پێکهێنەرەکان، لەئارادانەبوو، مەسەلەکە دەکەوێتە دەست ئاژاوەیەکی بەردەوامی بەئاکامنەگەیشتوو، بەڵکو پتر لەوەش دەبخاتەبەر مەترسیی جیاوازییە واقعییەکانی نێوانی دەستەڵاتی بەشداربووان، بۆیە ئەگەر تۆڕێکی نارەسمی کایەکانی بەردەوامیی میللی لەئارادا نەبێ، دەستەڵاتی یاسادانانیش دەکەوێتە بەر ئەگەری لاوازبوون. لەبەرئەوەی کە لەدەستدانی کایە میللییە بەرهەستەکە، دەبێتەهۆی لاوازبوون لە لێکۆڵینەوەی گرفتەکۆمەلایەتییەکان و هەست پێکردنیان و مامەڵەکردن لەگەڵیاندا.

تیۆرە دیموکراسیە ڕادیکاڵیەکەی هابرماس، هەوڵدەدات بڕوانێتە دامەزراوەسیاسیەکان لەکاتی کارلێککردنیاندا، لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی شارستانیی کاریگەردا.جارێکی تر لەگفتوگۆکردنی هاوچەرخانەی شیکردنەوەی بزووتنەوە جیاخوازەکانی ناو وڵاتە سۆشیالیستیەکانی جاران و بزووتنەوەکانی بەدیموکراتکردن لە ئەمریکای لاتیندا، دان بە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنیدا نرایەوە، بەتایبەتی لەپاش هەرەسهێنانی سیستمە ئەوروپاییەکانی ڕۆژهەڵات، و دەرکەوتنی داوای زۆر لەسەر چەند تیۆرێك، سەبارەت بە دیموکراسی، ئەم چەمکەی کۆمەڵگەی مەدەنی، بووەتە مەشخەڵێکی دیاری ناو گفتوگۆکانی ئەم بوارە.

ئەو چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنییەی، کە هابرماس لێبڕاوانە گفتوگۆی لەسەر کردوە، بیرۆکەی "کایەی میللی"ی هێناوەتەوە ناو مشتومڕی نوێوە،ئەو کایەیەش هەمیشە بناغەی چەمکی دیموکراسیی هابرماس بووە. ئەو کۆمەڵگەی مەدەنییە: ئەم(کایە میللییە لاواز)ەیە کە کایەکانی بەردەوامیی میللی دادەهێنێ و ڕایەکی گشتی نارێکخراویش دەگوێزێتەوە.. چالاکیە بەردەوامیەکەیشی کۆنترۆڵنەکراو و ئاژاوەگێڕیە، هەمیشە لەبەرگریمانی (ئالۆزبوونی زۆر)دایە و تەنگ بە لانەکانی سیاسەتی دامەزراو هەڵدەچنێ، بۆیە لەبەر ئەم هۆیە (جەماوەری لاواز)گردبوونەوەیەکی ڕەهابووە، لە ئەستەمی و قورسیی بڕیار دروستکردن و تاکە شتێك، کە بتوانێت ئەنجامی بدات، ئەویە کە بە شێوەیەکی نارەسمی بەردەوام بێت.

هابرماس گۆشەنیگاکەی خۆی، وەك ڕوانینێکی واقعی بۆ کۆمەڵگە گرێچنە هاوچەرخەکان پێشکەشدەکات.. هۆی ئەمەش ئەوەیە، ئەو کاتێك ئەوە لەبەرچاو دەگرێت، کە بەپێچەوانەی لیبرالیزمەوە، ئازادیی کەسێتی بەبێ بوونی بەشداریی سیاسیی هاولاتیان لە کاروبارە گشتییەکاندا موستەحیلەو ناکرێ، مەرجی ئەوە دانانێت، کە بەپێچەوانەی سیستمی کۆمارییەوە، بەشداران، ڕاستەوخۆو بەردەوام لە پیادەکردنی سەروەریی میللیدا سەرقاڵ بن. بەمەش ئەو دێت ئەو ئەستەمیانە لەبەرچاو دەگرێت، کە لە گەشەی بەرەو ئالۆزیی کۆمەڵگە هاوچەرخەکانەوە سەرهەڵدەدەن، کە دیارە ئەویش لەم ڕۆژگارانەدا بارەکەی قورس بووە، بەهۆی ڕێکخستنی بەردەوامیی ژیانی کۆمەلایەتیەوە و ئیتر بەرەو پەککەوتن دەچێت.


هابرماس

رەگـــەزەکانی ئـــەم پەککەوتنـــەش لـــە کۆمەڵگـــەدا، گرێدەدرێتەوە بە سنورەکانی شارەزایی و زیرەکیی جەماوەر و بە فشارەکانی زەمەن و کـەمی سەرچاوە مادییەکانـەوە، جگە لـەمانەش گرێدەدرێتەوە بـە هەڵوێسـت و بزوتنـەوەی وەکو سەنتەربەندیی "مـن" و لـەدەسـتدانی هێـزی ئـیرادە و ناعەقڵانیەت و ئەو وەهمانەوە کە واقعیان تەنیووە.

لـــەناو ئـــەو مەســـەلە زۆر و زەبەنانـــەدا کـــە لـــە گۆشەنیگاکەی هابرماسەوە لـەسەر سیاسـەتی دیموکراسـی سەریانهەڵداوە، من تەنها باسی دووانیان دەکەم:

ڕێپێـدانی دامـەزراوەکان و پرەنسـیپەکانی دەوڵـەتی دەستوریی دیموکراسی، لـەگـەڵ چـەمکی ڕۆڵـی گۆڕەپـانی میللیی نارەسمی.

دەبێ پێش هەموو شتێك، مرۆڤ تێبینیی ئەوەبکات، کـە ئەو گۆشەنیگا ئیجرائییە، بەزۆری پەیوەندیدار دەبێـت، بـە ڕێپێـدانی سیسـتمی مافـەکان و پرەنسـیپە بنەڕەتییـەکانی جیاکردنەوەی دەستەڵاتەکانەوە. لەم خاڵـە بـەدوواوە ئـیتر پێویست دەبـێ، چـەند بەهانەیـەکی ئەزموونگـەریی زیـاتر کۆبکەینـــەوە، لـــەپێناوی دامەزراوەسیاسـیـەکان، یـــان لەدژیاندا.نمونەیـەکی ئـەوەش دامـەزراوەی نوێنەرایەتییـە. بەهەرحاڵ ئەمە مانای وایە، ناکرێ ئەو شارەزاییە مێژووییـە فراوانە فەرامۆشبکرێ، کـە لـەڕێگـەی پرۆسـەی فیعلیـی سیسـتمی پەرلـەمانییـەوە پێشکەشـکراوە. لـەگـەڵ ئـەوەش نوسینەکەی هابرماس لە ڕێپێدانەکە، لەوە دەچێت سـەربە ڕۆشنبیرییە لیبراڵییەکـەی سـەدەی نۆزدەبێـت. لەلایـەکی دیکەشـەوە هابرمـاس لـەوەیدا بەهەڵـەدا نەچـووبوو، کـە پرسیاری جدیی لـەسەر هەریەکە لەشیاوی و لـە سروشـتی نوێنەرایەتی کردوە، سەرباری پشتبەسـتن بەودامەزراوانـەی

کە کاری ناوەندگیری لـەنێوان پەرلـەمانەکان و هاوڵاتیاندا، دەکەن (واتە حزبە سیاسیەکان و ڕاگەیاندنی جەماوەری).

لـەناو هەلومەرجە زاڵەکانی سەدەی نۆزدەدا: سەرباری مسـۆگەرکردنێکی لاوەکیـی، مـافی دەنگـدان و حزبـی یانـەکان(ئەوانـــەی کـــە گردبوونـــەوەی جۆراوجـــۆری بۆرژوازیانە بوون) بیرۆکەی نوێنەرایـەتیکردنی بۆچـوون و بەرژەوەندیـــە تایبەتیـــەکان لـــەناو کایەیـــەکی گشـــتی گفتوگـــۆکردنی ڕێکخـــراو و یاســـایی ، زەمینەیـــەکی ڕاستەقینەی بۆ گەشەسەندنی خۆی دۆزیەوە..

بەهـــەرحاڵ وەك دەزانـــین بـــە دیموکراســـیکردنی دامـەزراوەکانی دەوڵـەتی دەسـتوری لیـبراڵی کلاسـیکی گۆڕانکـاریی مـەزنی لـە پیشـەی فیعلیـی دامـەزراوەکانی نوێنەرایەتیکردندا دروستکرد.

حزبەکانی یانەکان بەشـێوەیەکی بیرۆکراسیانە، بوونـە حزبی جەماوەریی ڕێکخـراو، بـەقۆناغ خەسـڵەتی فرەییـان وەرگـــرت و وایانلێهـــات، لـــەو هەوادارانـــەی خۆیـــان جیابنەوە، کە جاران فەرمانەکانی سەرکردایەتی حزبیان بۆ دەگواســـتنەوە. ئـــیتر گفتوگـــۆی پەرلـــەمانییش ڕووی لەشەرعیەتپێدانی کـاری هەڵخەڵەتێنەرانـەکرد، و کـێش و قورســـی زۆرینـــەی پەرلـــەمانیی حکـــومی لـــەناو پەرلـەمانەکانـەوە، گواسـترایەوە بـۆ دەسـتەڵاتی حکـومی. نوێنەرایەتیەکەش بە پلەپلە گۆڕرایەسـەر ملکەچـکردنێکی جەماوەری بۆ توێژی دەستەبژێرەکانی سـەرکردایەتیکردن، بە ملکەچکردنێك کە لـەلایـەن دەوڵـەت وحزبەکانـەوە، هەر چوارپێنج ساڵ جارێك لەڕۆژێکدا ڕێکدەخرێت و لـەو ماوەیەدا گەڵ بەرەو سلبیەتێکی سیاسی دەبات.

دڵخۆش و ئاسودە دەبم، گەر قایل بم بەوەی، کـە ئـەم ڕەخنـە بێزارکـەر و چـەندبارەبووەوەی کـە بـۆنی ئـەوەی لێـدێت، بـەرگری لـەبوونی دیموکراسـی و پرەنسـیپە گشـتگیرەکانی بکـات(وەك ئـەوەی، کـە تاکـە ڕێگـەی بەرگریکردن لەدیموکراسی بریتـی بێت، لـە شـاردنەوەی خراپییەکانی) زیادەڕەویی تێدایە و لـەجێگـەی خۆیدانییـە و هەڵەیە، ئەگەر تەنانەت یەك باسی گونجاویشـی تێدابووایـە لەسـەر چـۆنیەتیی کـۆنترۆڵکردنی جـەماوەری سیاسـیە سەلیقەدارەکان و بیرۆکراتەکانی ناو حزبەکان، ئـەوا ئـەو ڕەخنەیـە پەسـەند دەبـوو، بـەڵام پێشـنیارەکەی هابرمـاس قایلکار نییە. ئەوەتا لەوەڵامی پرسیارێکدا لـەسـەر ئـەوەی کە بۆچی پێویستە ئەندامانی پەرلـەمان (لـەبریی ئـەوەی کـە خۆیان بەدوای دارشتنیدا بگەڕێن)بڕیارەکانی خۆیان بـەپێی چەند گریمانێکی چارەسـەرکردن دادەڕێـژن کـە لـەشـێوەی گوتاردا پێشکەشـیان دەکرێـت. هابرمـاس دەڵێـت ئـەوان ناچارن بەوشێوەیە کاربکـەن ، لەبەرئـەوەی ئەوکەسـانەی ئەوانیان هەڵبـژاردوە، دەتـوانن بـەوە سـزایان بـدەن، کـە جارێکی تر دەنگیان پێنەدەن.

بەهەرحاڵ ئەم بوونە گریمانەییەی، هـەڵی هەڵبـژاردنیش بـەڕوونی هەڵخەڵەتێنـەرە ، چـونکە بڕیـاردانی ئـەوان لـە هەڵبژاردنی نێـوان (حزبـە زۆرەکـان)دا، وەك هـەمان ئـەو ڕێگەیەیە، کـە مارکەیـەکی تـایتی پێهەڵدەبـژێرن، چـونکە لـەنێوان کۆمەڵـە بەرهـەمێکی لەیەکچـوودا دانەیـەکیان هەڵدەبژێرن، کە وادەربکەوێت کەمتر لەوانی تر خراپترە.

ئێمە ئەگەر دان بەو ئەفسانەیەشدا بنـێین، کـە دەڵێـت دامـەزراوە نیمچـە نوێنەرایەتییـەکانی دەوڵـەتی دەسـتوری دیموکراسی، بەشێوەیەکی گونجاو دیموکراسـین، و تەنانـەت

ئەگەر لە گرنگیی ئەو ڕاستیەشمان کەمکردەوە، کە گەشەی گەورەی هەریەکە، لە دەوڵەت و لە بیرۆکراسیەتی نیمچە دەوڵەت هەڵی باش، بۆئەوە دەرەخسێنن، کە خەڵك لە دەوری ڕەوایی حوکمی یاسا گردبینەوە، ناتوانین چاو لە زۆربەی پێشڤەچوونەکانی دەوڵەتی مۆدێرن بپوشن، چونکە ئەمڕۆ بەجیهانیکردنی ئابوریی بازاڕ، ناوەندی داڕشتنی بڕیار، دەداتە دەست کۆمپانیافرەڕەگەزەکان و ڕێکخراوەنێودەوڵەتیەکانی ژێردەستەڵاتی ئەو کۆمپانیایانە و دوور لە هەر دەستەلاتێکی دیموکراسی، یان نوێنەرایەتیی هاوڵاتیان.

خاڵی دووەمی ڕەخنەکە ئاماژە دەدات بەوشتەی، کە پێیدەوترێت کۆمەڵگەی مەدەنی و کایەی بەردەوامی جەماوەری_ واتە تۆڕێکی گردبوونەوەی و پەیوەستی ئازادانە، هەروەها تۆڕێکی ڕاگەیاندنی ڕاسپێردراو بۆ کارکردن وەك دەنگۆیەك بۆ قەبەکردن و بلاوکردنەوەی دەنگی ئەو بزوتنەوە مەدەنیانەی، کە سەربەخۆن و سەربەدەوڵەت نین.. وەك ئەوەی کە ژمارەیەکی پسپۆران تێبینییان کردوە، چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی مشتومڕی زۆر هەڵدەگرێت، کەس نازانێت، ئایا ئەو کۆمەڵگەیە واقعێکی ئایدیالانەیە، شتێکی وێناکراوە، یان بەکردەوە هەیە. کەچی بیرۆکەی کۆمەڵگای مەدەنی، لەلای هابرماس بەشێوەیەکی بنەڕەتی، دەبێتە ڕەگەزی دیموکراسیانەی ڕوانینەکانی لەسەر سیاسەتی دیموکراسی، کەواتە وێناکردنی بیرۆکەیەکی پێوەری، بۆ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی، بەبێ مانا دەمێنێتەوە، لەبەرئەوەی هابرماس خۆی لەوەنادات بیر لە هەلومەرجە فیعلییەکانی بوونی بکاتەوە و دەیگەڕێنێتەوە سەر گرفتێکی ئەزموونگەری.

بەهەرحاڵ ئەم بیرۆکەیە پیشانیدەدات، کە خودی سیستمە سیاسیەکە، هەریەکەی توانای فیعلی و ئارەزووی هاوڵاتیانیشی تێدایە بۆ چوونەناو کاری سیاسی. بەشداریی سیاسی لەبری تاودان وهاندانی خەڵك پێویستی بە سیستمێکی دامەزراوەیی هەیە، کە خەڵك فێری گیانێکی نیشتمانپەروەری بکات وهەلومەرجە پێشینەییە مادییە پێویستەکان دابین بکات. ئەو وەڵامانەی لەلایەن هابرماسەوە، بۆ ئەم پرسیارانەش پێشکەشکراون، دیسان گونجاونین. خواستی بوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی کاریگەر، گرێدەدرێتەوە بە بوونی کەلتورێکی سیاسیی یاسایی ئازاد، کە هەست بە هەموو ئەو گرفتانە بکات کە کاریگەری دەخەنەسەر کۆمەڵگە بەگشتی، کەلتورێك کە لەگۆڕان بێت ، یان لەبارێکی بەردەوامی لەرینەوە و شەپۆلدانداێت، بەمەش لە وەڵامدانەوەدا خێرابێت.ڕۆشنبیریی سیاسی لە ئاسمانەکانەوە دانابارێت، بەڵکو لە زەوییەوە پەیدادەبێت، هابرماس ئاماژە بەم پەیدابوونەش نادات، بەڵکو بەپێچەوانەوە، وەك پێشتر بینیمان: ئەو گریمانی ئەوە دادەنێت، کەم و کوورتیەك هەبێت، کە خۆی دەیگەڕێنێتەوە بۆ واقعی سروشتی مرۆیی، و گوێنەدان بە بیرکردنەوە لەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتیەی کە دەیهێنێتە بوون و پشتگیری و بەهێزیشی دەکات. ئەم ڕوانینەی بەسەر رۆڵی ڕاگەیاندنی جەماوەرییشدا پیادەدەکات.کاتێکیش کە پرسیاری وروژێنراو لەسەر ئەوە دەبێت، کە ئایا بۆچی لەسەر ڕاگەیاندن پێویستە پەیمانی گەورەکردنی ئەو دەنگە لاوازانە بدات، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەناو کۆمەڵگەی مەدەنیدا دەردەکەون، هابرماس پەنابۆ خو وتێگەیشتنی پێوانەیی ئەو دەنگانە دەبات (بۆنمونە ئەو زمانەی، کە ڕۆژنامەوانی لەسەری ڕاهاتووە) و ڕێکخستنی ڕەسمیانەی بلاوکردنەوەی ئازاد، لەڕێگەی کۆمەڵە یاسایەکەوە، کە بەسەر توانای بەردەوامیی جەماوەردا زاڵدەبێ، بەئومێدی ئەوەی، والەو دەنگانە بکات، کە بەرهەست بن،بەتایبەتیش لەبارودۆخە قەیرانگرتوەکانی وەك هەڵگەڕانەوەی خەڵکانی مەدەنی. بەلام ئاشنابوونی ئێمە بە سۆسیۆلۆژیای میدیایی ،ئەم خەونانەش پووچەڵدەکاتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو دەنگانە واقعییانەش بن، ئێمە دەبێ ئەوەمان بەلاوە گرنگ بێت، بێین ئەو بارە ناوازانەی، ئەو ڕەوشە قەیرانگرتووانە بپشکنین، بۆئەوەی بزانین کە ئایا ئەوەندە دەهێنن، تیایاندا باسی ئەو مومارەسە بەردەوامیە ئازادانە بکەین، کە هابرماس ئاماژەی پێداون!

شیکردنەوەی ئەو سستیی دیموکراسیەی، کە لەناو دیموکراتیەتە هاوچەرخەکاندا دەبینرێ و ئەنجامێکی پاسیڤبوونی هاوڵاتیانە، کارێکی ئەستەم نییە. کۆهەستییەکی فراوانی وا لەئارادایە، کە بەشدرایکردنی سیاسەت کارێکی بێئاکامە، چونکە لەسایەی ئەم هەلومەرجەی ئێستەی بەدەوڵەتیکردنی ئابووریدا، ئەگەرێکی پەرەپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەربەخۆبوونی ئەم کۆمەڵگەیە لە دەوڵەت و ئایدیۆلۆژیای بازاڕی ئازاد کراوەتەوە.

ئەو هەوڵە ڕاستەقینەیەی بۆ زاڵبوون بەسەر ئابوریی بازاڕدا پێویستە ، دەست تێوەردان و بەشداریکردنی دەوڵەت و سیستمەکانی دەوڵەتی دەوێ، گەر بەپێی ئەم فۆرمەی ئێستەی پرۆسەی بەبازاڕکردنە سەیری بکرێ، بۆیە ئەوە کاری ڕێکەوت نییە، کە دەوڵەت تائەو ئاستە مۆڵەتی دامەزراوە ئازادەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بدات، کە لەناو

دەوڵەتدا، بتوانن تێکەڵکێشی سیستمێکی کۆدەنگی لیبراڵیی نوێ، یان لیبراڵیزمی کۆمەڵایەتی بن، بۆنموونە لە ئەوروپادا خراپیی بەرەنگاریکردنی یەکێتییە بازرگانییەکان و زاڵبوونی کاریگەری ئەم یەکێتییانە، باجی بێبەریکردنی خەڵك و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی خۆشنودی و پڕئاژاوەبوونی بازاڕی کاری لێکەوتەوە، کە هەموو ئەمانە بەیەکەوە هەن و لەڕێگەی کاری حکومەتە لیبراڵە کۆمەڵایەتیە نوێکانیشەوە نەگۆڕدراون. ئاستی سەربەخۆیی کۆمەڵگەی مەدەنی، لە ڕێگەی ئەو راستیەوە ئاشکرادەبێ، کە دەوڵەت بێتو لەناو پرۆژەئەڵتەرناتیڤەکاندا کۆمەك بەو شتە بکات، کە پێیدەوترێت (کەرتی سێیەم) واتە ئەو کەرتەی، کە دەتوانێت خزمەتگوزاریی نەرم و هەرزانبەهای کۆمەڵایەتی پێشکەشبکات و بەشدارییش لە کەمکردنەوەی تێچوونەکانی پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتیدا بکات.

لە نمونەی ئەڵمانیادا، کە هابرماس بەپێی ئەو بیردەکاتەوە، کۆمەڵگەی مەدەنی، دەکرێ تەنها بەسەر بەشێکی بزووتنەوە ئازادەکاندا پیادەبکرێ. لەسالانی هەشتاکان و نەوەدەکاندا، دەوڵەتی ئەڵمانی، لەپێناوی ئەو بزووتنەوە دیموکراسییە ئەڵتەرناتیڤی و دەوروبەرپارێزانەدا، کە نەشیانتوانی بگەنە ئاستی سیستمی سیاسیی رەسمی: پارێزگاریی لە سیستمێکی ئەمنی دوولقی کرد.ئەوانە ئەو پرۆژە ئەڵتەرناتیڤیانە بوو کە جەزیان لە هاریکاریکردن و ڕێکخستنەوەی بارودۆخەکانی خۆیان بوو، کەچی بوونە دامەزراوە و چوونە ناو گۆڕەپانی کێبەرکێکردنی سیاسییەوە، و کاریگەرییان لەسەر ژمارەیەکی کەمی بڕیارەکان هەبوو. بەپێچەوانەی ئەمانەشەوە، گروپە سیاسییە ڕادیکاڵەکان و پرۆژە ئەڵتەرناتیڤەکانی تر(لەنمونەی بزوتنەوە داگیرکاریەکان) بەتوندی سەرکوتکران و لە کایەی گشتیی بەردەوامی سیاسییش دوورخرانەوە. هاوکات لەگەڵ ئەمەدا، ئەو بێکاریەی کە لە بوونیادی ئابووری و لە سەرهەڵدانی لەپڕی جیاوازیی کۆمەڵایەتییەوە سەریهەڵدا، کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی نوێی بەخشیە ئەو کەسانەی، کەڵەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دوورەپەرێز خراوبوون و دەنگیان نەدەبیسترا. زۆربەی کات ئەم خەڵکانە ڕێگاچارەیەکی تر شك نابەن بۆ گوزارەکردن لەخۆیان، جگە لە بەڕێوەبردنی توندوتیژییەك کە سوکایەتی بەکەس ناکات، بۆیە ئەگەر هەڵوێستیان هەبێت، ئەوا دەکرێ هەڵوێستی ئایدیۆلۆژییانەیان کۆتایی بەم فرەڕەنگیە سیاسیە بهێنێت. دەکرێ دیاردەی وا لەپاش ئەنجامدانی هەموو گۆڕانکارییە پێویستەکان لەولاتانی تری ئەوروپادا دەربکەوێ. تەنانەت ئەگەر لەڕووی دیالەکتیکیشەوە دانمان بە پێویستیی ئابووریی بازاڕ وکارگێڕیی بیرۆکراسی ودیموکراسیەتی نوێنەرایەتیشدا نا، ئەوا شێوازەکەی هابرماس ڕێگە بە ئەگەری شیانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دەدات، کە ئەو کۆمەڵگەیە بتوانێت لەسەنگەری بەرامبەری دەستەبژێرە دەستەلاتخوازەکانی دەوڵەت و پایتەختدا بەدیموکراسیکردنێکی راستەقینە بەرپا بکات. لەم ڕوانگەیەوە بیرۆکەی پتەوکردنی پایەی کۆمەڵگەی مەدەنی بەبێ گۆڕینی هیچ شتێك، لە سیستمی دامەزراوەیی کۆمەڵگە نوێیەکاندا، پرۆگرامێکی سیاسیی پەسەندنییە، بەڵکو بیرکردنەوەیەکی لاوازیشە.

دەمەوێ هەر بۆ باسەکە بە ئاکامێکی کاتی خۆم قایل بکەم: ئەویش ئەوەیە، کە سەرباری ئەوەی هابرماس بیرۆکەی ڕێپێدانی ئیجرایی پرەنسیپە پێوەرییەکانی دەوڵەتی دەستوریی دیموکراسیی پێشکەشکردوە، خۆی لەوە دەپارێزێت بیر لە ئەگەر و هەلومەرجەکانی پێش بە ئەنجامگەیاندنی نمونەکەی خۆی بکاتەوە، بەلام بەهەرحاڵ هزری دیموکراسیی رادیکاڵی، ئەگەر بەڕاستی بەتەنگ کاروبارەکانی دیموکراسی و ئازادییەوە بێت، ناکرێ زیندانی ناو ڕێپێدانی عەقلانی ببێت(چونکە لەهیچ بارێکیدا گونجاونییە). هۆی ئەمەش ئەوەیە، کە هەر کاتێك ئەو هزرە بێداربۆوە، تووشی ڕووبەڕووبوونەوە دەبێت، لەگەڵ ئەو تێزە ناوخۆیی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ژینگەییەی کە لەناویدا، بە چەند مانایەکی پتەوی یەکگرتوو، پرسیار لەسەر پرەنسیپی دیموکراسی دادەڕێژرێت. دیموکراسیەت تەنها مەسەلەی چەند کاروکردەوەیەك نییە، بەڵکو شتێکی جیانەکراوەیە لە مەسەلەی ئامرازەکانی بونیادنانی کۆمەڵگەیەك، کە پەیوەندیی نێوانی ئەندامە ئازاد و یەکسانەکانی، لەڕێگەی هاوشانییەوە دیاری‌کرابێت. ئەگەر زاراوەی (کۆمەڵگەی مەدەنی)هەر مانایەکی هەبێت، ئەوا پێویستە خەونی شتێکی هەبێت کە زیاتربێت لەوەی گروپێکی سادەی کۆمەڵە تاکێکی عەقلانی بێت، ئەمەش مانای وایە، ئێمە لەڕوانینێکی واقعبینانەی ڕێژەییەوە و لەژێر فشاری پێویستیی کۆمەککردنی هاوشانی کۆمەڵایەتی و ڕەخساندنی هەلومەرجی مانافراوانەکەی هێنانەدیی دەوڵەمەندیی کۆمەڵایەتییەوە، چاو بە دامەزراوەکانی خۆماندا دەخشێنینەوە.

**سەرچاوە:**

**لە ژمارە (16)ی گۆڤاری(النزوی)وە کراوە بەکوردی، کە گۆڤارێکی وەرزیی فکریی میرنشینیی عومانە.**